# هێزێکی فرەنەتەوەو تیرۆریزمێکی فرە رەگەز

ن/ محەمەدی مشیر
muhammad-mushir@yhoo.com

هەشتاکانی سەدەی گوزەشتە، کاتێ ململانێی نێوان سوپای سۆڤیەتو گروپە جیاجیاکانی موجاهیدانی ئەفغان لە ئەفغانستاندا لە ئارادابوو، زۆربەی گروپەکان لەلایەن حکومەتانی سوننی مەزهەبی ناوچەکەوە ( بەتایبەت عەرەبستانی سعودیو پاکستان) کەم تا زۆر، بە ئاشکراو نهێنی، پشتیوانی ماددیو مەعنەویو مرۆییان لێدەکرا بۆ راگرتنو پێشگرتن لە هەڵکشانی شیوعیەت- کە تا ئەو کات سۆڤیەت بە چەقی ئەو هزرە شۆڕشگێڕە دەزانرا- ئەمە لەلایەکیان، لەلایەکی دیکەدا بۆ پێشگرتن لە تەشەنەو پەلهاویشتنی کۆماری ئیسلامی شیعەکانی ئێران کە ئەو کات تازە هاتبووە سەرکارو پشتیوانی لە کۆمەڵێ گروپی موجاهیدی ئەفغانی شیعی مەزهەب دەکرد وەك هێزێکی گەورەی ناوچەکەو بە نیازبوو پێگەیەکیکردەیی بۆ دروشمی (لا شرقیە ولا غربیە جمهوریە اسلامیە) لەناوچەکەدا سەقامگیر بکاو، بۆ ئایندەیەکی دوورتریش بزماری هزری شیعی- ئیسلامیانەی خۆی لە جەستەی (شەیتانی بزرگ)و ئایندەی تێکڕای وڵاتانی هاوسنوورو ناوچەکە بچەسپێنێ.

ئەوکات شانبەشانی هەوڵە ناوچەییەکان بۆ رێگرتن لەبڵاوبوونەوەی هزری چەپ ئەمریکاش وەك پیشەی هەمیشەی راستەوخۆ، یەکەمیان: کۆمەکی لۆجیستیو ماددیو پڕوپاگەندەیی گروپە ئیسلامییە جیهادییەکانی ئەفغانستانی دەکرد لەدژی سۆڤیەتو حکومەتەکەی (نەجیب اللّه) بەشێوەیەکی تایبەت، دووەمیان: لەدژی جمهوری ئیسلامی ئێران.

لەسایەی هەلومەرجی جیهانی ئەو سەردەمەدا کە ئەمریکا وەك زلهێزێکی جیهان سەرجەم چەکەکانی دژایەتیکردنی هزری چەپی هەر لەمێژەوە گرتبووە بەر، نەك هەر ئەویش بەڵکو تێکڕای حکومەتەکانی جیهانی سەرمایەداری لەخۆرئاوادا رێگاو شێوازی جۆراوجۆریان گرتبووە بەر بۆ دژایەتیکردنو سەرنەکەوتنی ئەم هزرە- کە تا ئێستاش ئەم سیاسەتە بەردەوامە- خودی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئامادەبوون راستەوخۆ بێ پەناو پەردە دەست بنێنە نێو دەستی هەر گروپ یا دەستەیەك، هەتا ئەگەر گروپی توندڕۆی ئیسلامیش بن، لەپێناو پێشگرتن لە هەڵکشانی سۆڤیەت لەلایەكو پەلهاویشتنی جمهوری ئیسلامی ئێران کە بە توندی ئاڵای دژایەتیکردنی ئەمریکای بەرزکردبۆوە لەلایەکی تردا. واتە ئەمریکا لەیەك کاتو ساتدا دژایەتیو جەنگی دووبەرەی ئایدۆلۆژی تەواو پێچەوانەی یەکتری دەکرد. ئەمە ئاڕاستەی سەرەکی سیاسەتی ئەو کاتی ئەمریکا بوو کە بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا وای دەخواست بۆیە ئاسایی بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەی خۆی نەك هەر چاوپۆشی لە مۆرکی ئایدۆلۆژیو سیاسی خودی ئەو گروپانەی کە هاوکاری دەکردن بکات، بەڵکو بەهیچ شێوەیەکیش ئەوکات پشتگیری نەدەکرد لەو کەسو گروپانەی بەناوی جیهادەوە لە تێکڕای وڵاتانی ئیسلامیو عارەبی ناوچەکە روویان دەکردەئەفغانستان. یەکگرتنەوەی ئەو وەختی بەرژەوەندییە کاتییەکانی هەردوولا (ئەمریکاو گروپە جیهادییەکان):

1-دیاردەیێکی تازەو نامۆی لەمێژووی ئەوکاتی ناوچەکەو جیهاندا هێنایە ئاراوە، کە ئەویش سەرەتای لەدایکبوونی تیرۆریزمێکی فرە رەگەزو ناسنامەیە کە دوای پاشەکشەی لەشکری سۆڤیەت لە ئەفغانستانو شکستی حکومەتەکەی (نجیب اللّه) ئاگری ململانێیەکی توندو تیژی ناوخۆ لەنێوان خودی گروپە جیهادییەکان هەڵگیرساو لەپێناوی

دەسەڵات کەوتنە وێزەی یەکترو ئەفغانستان بووە گۆڕەپانی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی کارەساتبارو هەر هەمان ئەو گروپانە کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیان لێدەکرا ساڵانێك پاشتر تادەهات بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ هاوکارو هاوپەیمانی دوێنێ (ئەمریکا) ناکۆك دەبوو.. دەرەنجام دوای هێرشی سەربازیانەی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان لەساڵی 2000دا سنووری چالاکییەکانی گروپە جیهادییەکانی غەیری ئەفغان لە ئەفغانستاندا تەسکتربۆوەو ئیدی وەك دەرەنجامێکی راستەوخۆی سیاسەتەکانی ئەمریکا، هەمان ئەو گروپانە (ئەلقاعیدە بە تایبەت) بۆ درێژەپێدانی ئەرکەکانیان پێویستیان بە گۆڕەپانی نوێ هەبوو.

هەڵبەتە رۆڵی حکومەتە سوونی مەزهەبەکانیش کە هاوپەیمانی ئەمریکا بوون لە هاتنە کایەی ئەم تیرۆریزمە فرە رەگەزەدا هیچی کەمتر نەبوو لەوەی ئەمریکاو، هەردوو لایەنی ئەمریکیو ناوچەیش چاوەڕوانی دەرەنجامێکی ئاوایان نەدەکرد کە دوارۆژ خۆشیان گرفتاری دەستی ئەو دیاردە تازەیە ببنەوەو جڵەوی مەسەلەکەیان لەدەست دەربچێو باجی ئەو کورتبینیە بدەنەوە!.

2-بۆ پشتیوانیکردن لە سیاسەتە مۆنۆپولیو کۆلۆنیالەکانی ئەمریکا هەر لەوکاتەوە شێوازێکی نوێی لەسیاسەتی نێودەوڵەتیانەی خۆی پیادە دەکرد کە ئەویش تێوەگلاندنی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بوو لەنەخشەو پلانە فراوانخوازییەکانی خۆیدا. بە گووتەیەکی دیکە ئەمریکا بۆ هەر هەنگاوێکی سەربازی تازەی پێویستی بە رووپۆشێکی شەرعی نێودەوڵەتی دەبوو کە لەرێگەی پێکهێنانی هێزێکی فرەنەتەوەدا بەرجەستەی دەکرد.

ئاکام دەکرێ بڵێین، لەبەر رۆژنایی دەرهاویشتەکانی سەرەوە، هێزێکی فرەنەتەوە تیرۆریزمێکی فرەرەگەزو ناسنامەی بەرهەمهێنا، کە لەو کاتەوە تا ئێستا سەرەڕای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتیش، وڵاتانی ناوچەکەو خودی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هەراسان کردووەو رۆژانە گورزی کوشندە لە بەرژەوەندییەکانیان دەوەشێنێو هەڕەشە لەگیانی هەزاران هاووڵاتی بێتاوانی ناوچەکەو جیهان دەکاو گیانی سەدانیش درووێنە دەکات!!..